# ئەی هاوار تا کەی کەرکوکی هەر ئاوارە بێ ؟

ڕووناک شوانی
ستۆکهۆڵم

لە سەردانەکەی بەڕێز دوکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ وڵاتی سوید لە ساڵی 2002 ، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە شاری ستۆکهۆڵم ئەنجام دا، خەڵکێکی یەکجار زۆر ئامادە بوون ، قسەو باسێکی زۆر کرا ، لەسەر باری سیاسی ئێراق و کوردستان و زۆر باسی تر کە ئێستا لە بە ختی وی هەمووی نایەتەوە یادم . زۆر هەوڵم دا مۆڵەتم هەبێ و موداخەلەیەک بکەم ، هەواڵێکی ئەو خەڵکە داماوو ئاوارەیەی کەرکووکە بێنازەکەی لێبپرسم ، کە لە بازیان لە ناو ئەو دارو بەرد و قوڕو لیتەیە ژیانێکی کولە مەرگی بەسەر ئەبەن ، زستان ئەدەنە دەم هاوینەوەو شەو ئەدەنە دەم ڕۆژەوە ، ژیانیش دەدەنە دە م مە رگە وە ، مەگەر هەر خۆیان بزانن چۆنی ئەگوزەرێنن . بەداخەوە هەر مۆڵەت نەبوو. لە کۆتایی سیمینارەکە و لە کاتی چوونە دەرەوەی بەڕێزی و لە ناوئەو حەشاماتە ، هەر نازانم چۆن خۆم گەیاندە بەردەمی و داوام لێکرد کە هەر ئەبێ گوێم لێبگرێ ، داوام لێ کرد بە هانای ئەو خەڵکە ئاوارەیەوە بچن و ڕاشکاوانە وتم : هەر خەریکی ڕازاندنەوەی سلێمانین و ئەو قوڕ بەسەرانەتان پشت گوێخستووە ، بەپارەی مەشروعێک ئەتوانن خانووی زۆر سادەیان بۆ دروست بکەن و لەو وەزعە ڕزگاریان بکەن ( لەگەڵ قسەکانیشما زۆر بە کوڵ ئەگریام کاتێ منداڵانی پێخاوسی ئاوارەم ئەهاتە بەرچاو) . جەنابیان وەک برایەکی دڵسۆز دەستی خستە سەر شانم ودڵی دامەوە و وتی : وەعدت ئەدەمێ هەموو شتێ باش ئەبێ ، بەلآم ئێوە پەلە مەکەن !! پەلە مەکەن !! تاکو ئێستاش هەر ئەڵێن پەلە مەکەن ؟؟!!

کاکە گیان بە پیرۆزییەکەی ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ پەلەمان نەکردووە ، ئێمەی کەرکووکی زۆر بە سەبرین . شارەکەمان داگیر کرا ، داهاتەکەی دزرا وئێستاش هەر ئەدزرێ ، پێناسەکەیان گۆڕی ، تەعریب کراین ، لە شارەکەمان دەرکراین وخەڵکی فەلەستین وباشووری ئێراق لە ماڵەکانمان نیشتەجێکران ، سەدان ڕۆڵەمان لە گرتوخانەکانی موسڵ و بەغدا لە سێدارەدرا ، بەڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاومانەوە ماڵەکانمان و گۆڕستانەکانی شۆریجە و شێخ محیەددین و ڕەحیم ئاوا بەناوی دروستکردنی جادەوە درانە بەرشۆڤڵ . هەر سەبرمان کرد و وتمان ئەمانە دوژمنن . کوڕە ئازاکانی کەرکووک پۆل پۆل ڕوویان کردە شاخ و بوون بە پێشمەرگە ، گورزی بەسەبر... ئەمما بەزەبرو گورچک بڕیان ئەگەیاندە دوژمن . زۆر... زۆریان بوون بە قوربانی بۆ جەژنی ئازادی . ئەوە جارێ نە ئێستا و نە ئەوساش هیچ کەس باسی ژن و کچە ئازاکانی کەرکووکی نەکرد کە دایک وخوشک و ژنی پێشمەرگە بوون ، یان خۆیان لە سەنگەری بەرەنگاریدا خەباتیان ئەکرد ، دەیانیان بران بۆ گرتووخانەکانی بەعس یان ڕەوانەی باشووری ئێراق کران و خۆڕاگرانە سەختترین ڕۆژگاریان بەسەر برد .

چەندینیان کە فەرمانبەری فەرمانگەکانی ڕژێم بوون ، لە خەباتی نهێنیدا وەک پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس خەباتیان ئەکرد وکۆمەکیان بۆ دەرەوەی شار ئەنارد ، هەموو ئەوانە سەربازی گومناون. ئەمرۆش لە سایەی بارودۆخی ناجێگیری کەرکوک و ژیانی ئاوارەییدا قورستترین باج بەر ژنان کەوتووە . لە پاش ئازادکردنی کەرکووکیش ، ئێمەی کەرکوکیانی تینووی ئازادی، خۆشترین جەژنی ئازادیمان گێڕا !! ئاڵای کوردستانمان لە هەموو شوێنێکی شار هەڵکرد، بەوهیوایەی پایانی مەینەتیەکانمان بێ ، داگیرکەرەکان بگەڕێنەوە ، ماڵەکەمان بۆ چۆڵ بکەن و پێناسەکەمان بدەنەوە . کەس وکارە ئاوارەکانمان بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان ولە ماڵەکانی خۆیان پێی ئیسراحەت ڕاکێشن ، تەمەنی ئاوارەیی کۆتایی پێبێ . کەچی ئێمە هەر بێدایک و باوکین ، ئەوانیش هەزار دایک وباوکیان بۆ پەیدا بووە . لەوەش خراپتر هەزارەها گرووپی تازەوجەدیدی پاش (تەحریر)!! بەناوی جۆراو جۆرەوە وەک جەیشی سوننەو ئەنساری نازانم چی و سوپای ئەم و ئەوەوە خۆیان بە خاوەن ماڵ ئەزانن . هەر ڕۆژەی بەشێک لە جەستەی هەلاهەلای ئەم شارە نازدارەمان ئەتەقێننەوە و ڕۆڵەکانمان ئەبنە قوربانی ، شاری وێرانکراو وێرانتر ئەکەن . بەکام لۆژیک ڕەوایە مرۆڤ لە زێدی باوو باپیرانیدا بە ئاوارەیی و لەناو خێمەدا بژی . لەسەردەریای نەوت نووستبێ و دەست لەم ڕێکخراوەو ئەو ڕێکخراوە پان بکاتەوە وجل و بەرگی کۆنە ی وڵاتان بپۆشێت .

هەتا کەی بەدیار ئەم بڕیارو ئەو بڕیارەوە دانیشین ، بەمەرجێ هیچ کام لەو بڕیارانەی کە بۆکەرکوک دەرئەچێ هەر لە بڕیاری (58) ەوە بیگرە تا بە بڕیاری (140) ئەگەیەت موافەقەتی حکومەتی ئێراقی بۆ دەرناچێ و جۆرەها کێشەی و لەمپەری بۆدروست ئەکرێ. باشە هەتا کەی ئەو منداڵە نازدارانە لەناو قوڕو چڵپاوی زستان بە پێخاوس بسوورێنەوە و نەزانن ژیانی منداڵی و یاری یانی چی و بە نەخوێندەواری بمێننەوە. یان لە قوتابخانەی لە خێمە دروستکراودا لە قرچەی هاوین و سەرمای زستاندا فێری ئەلف وبێ بکرێن . نازانم ئەم مەینەتیانەی خەڵکی قودس و دڵەکە ی کوردستان کەی تەواو ئەبێ ؟؟!! خۆزگە بەرپرسەکانی کورد سەردانێکی مەلعەبەکەی کەرکوک و شوێنەکانی تریان بکردایە کە خەڵکی ئاوارەی تیا ئەژی ، با بزانن خۆیان ومناڵەکانیان ئەتوانن تەنانەت یەک کاتژمێریش تەحەمولی ئەو بارو دۆخی ژیانە سەختە ئەکەن ؟!! ئاخۆ بەڕێزان ئێستاش هەر ئەڵێن پەلە مەکەن ؟؟؟ ئەی ئەمجارەیان چاوەڕوانی چی بین ؟؟.